

جەبار سابیر

## ڕێگەکانی دەوڵەمەندبوون

پێش ڕاپەڕین شاری سلێمانی تەنیا دوو سەرمایەداری تێدابوو ئەوانیش (فوئادی شێخ حەسەن‌و فایەقی کوڵەك) بوون ئەو دوو بەڕێزە سەروەتەکەیان نەدەگەیشتە ملیۆنێك دینارو هەموو خەڵکیش چاوی لەسەریان بوو دەیانوت ئەو دوو دەوڵەمەندە بەعسیان لەپشتەو بەعس دەوڵەمەندی کردوون، بەکورتی خەڵك دەیوت ئەوانە بەعسین. ڕاپەڕین هاتو ئەو دووە ناویان لەکودی تەڕوبڕو کەسکیشدا نەماو لەشێونی ئەوان‌و بەپشتی پارتی‌و یەکێتی هەزاران خەڵکی تری سەد قاتی ئەوان دەوڵەمەندتر پەیدابوون. سەروەتی ئەودووانە بەکاسبی پەیدابوو، بەڵام سەروەتی مەسئولەکانی ئێمە لەهیچەوە پەیدابوو تەنیا هێندە هەیە چەند ساڵێك پێشمەرگەبوون. لێرەوە دەگەینە ئەوەی بڵێین ڕێگەکانی دەوڵەمەندبوون چین‌و لەکوێوە بۆی دەچین.؟ ئێستا دنیا گۆڕاوەو پێویست بەوە ناکات خۆت‌و ماڵ‌و مناڵت بخەیتە فەلاکەتەوەو سەروەت کۆکەیتەوە تەنیا هێندە بەسە پێشمەرگە بوویت، گەر پێشمەرگەشت نەبووت باوکت پێشمەرگە بوویێت، گەر ئەوەش هەرنییە باوکت یاخود خۆت بەهەرجۆرو بۆ هەرمەبەستێك تفەنگت کردبێتە شان ئیتر بەجاشێتی یاخود بەباشێتی گرنگ ئەوەیە تۆ بەر لەڕاپەڕین تفەنگێکت بەشانەوە بوویێت.

دەکرێ بڵێین ڕۆژێك لەڕۆژان تەقەت کردبێت ئیتر لەسەنگەری پێشمەرگایەتیدا بووە یا لەرەبییەی سەربازی‌و جاشێتیدا بووە، یا لەدزی‌و ڕێگریدا بووە، یاخود لەزەماوەندو بۆنە حکومییەکانی پێش ڕاپەڕیندا بووە گرنگ ئەوەیە تەقەت کردبێت‌و بزانی چۆن پەنجە بەپەلەپیتەکەدا دەنێی. ڕێگەیەکی تری دەوڵەمەندبوون ئەوەیە خزمێکت مەسئول بێت، جاگەر مەسئولی گەورەبێت بۆتۆ باشترە، گەر ئەوەش نەبوو خزمێکی ترت ئاغا، یاخود سەرۆك عەشیرەت بێت، گەر باوکت بنەماڵەیەکی ناسراوو خانەدان‌و وەجاخ زادەی هەبێت ئەوە هەر زۆرباشە. چونکە ئەوانە هەمووی بۆتۆ دەبنە پاڵپشت‌و لەهەر کوێ بتەوێ زەویت دەدەنێ‌و تەندەرت بۆ دەردەچێنن‌و پرۆژەی سەقەتی پڕ لەپارەی ئەم خاك‌و ئاوەت دەخەنە بەردەست، وەك چۆن بانکی ڕافیدەین چوار ساڵ بۆ زەوییەك گەڕان لەسەر شەقامی سالم بیکەنە بینای بانکەکەیان کەچی نەیاندانێ‌و وتیان نییە، بەڵام زەویان لەسەر هەمان شەقام‌و لەناوجەرگەی شاردا داوەتە برادەرێك بەحساب پێشمەرگەی کۆنەو ئێستا ئەویش تەنیا ژێر زەمینەکەی داوەتە بانکی ڕافیدەین بە(55)وەرقەی سەد دۆلاری بڕۆ بەخێرهاتی حکومەت، دیموکراسی‌و خزمەتکردنی خەڵك هەروادەبێت، لەدنیادا بووە بانکی حکومی کرێچی خەڵکێك بێت کە تەنیا چەند ساڵێك پێشمەرگایەتییەکی بێوەی کردووە.؟

ڕێگەیەکی تری بوون بەسەرمایەدا دەنگە واتا وەك بولبول بۆ حزب‌و ڕۆڵەکانی حزب بخوێنێ زەکەریا لەپێش هەڵبژاردنەکاندا لەهەولێر ئاهەنگێکی گێڕا لەپڕ لەگەرمەی گۆرانی سەقەتکردندا هاواری دەکرد دەنگ بدە بە(حەفسەدو سی بیرتان نەچێت) زەکەریا خۆی لەگێلی دەدات گەرنا دەزانێ کەئەم دوو حزبە ئەم میللەتەیان توشی ئاڵۆش‌و گولی کردووە بەسیاسەتە سەقەتەکانی خۆیان. بەڵام ئەوباش دەزانێ حەفسەدو سی پارەی خستۆتە بەردەم‌و زەوی داوەتێ‌و ئەویش دەیکاتە (پاك سیتی)و دواتر هەر شووقەیەکی بەدوو سەد هەزار دۆلار دەفرۆشێت، بۆئەوەی دەوڵەمەند بیت دەبێت ڕۆژێك لەڕۆژان گۆرانیت وتبێ، هەرنەبێ نووزەیەك بەگەروتا هاتبێتە خوار، بەڵام بەهەڵە تێنەکەوی لەمەشیاندا دیسانەوە پێویستت بەمەسئول‌و ئاغاو سەرۆك عەشیرەت هەر دەبێت چونکە لەبنەڕەتدا حکومەتەکەمان حکومەتی ئاغاو کوێخاو سەرۆك عەشیرەتە.

*jabardllopa@yahoo.com*

# مەحمود دێرین

## هونەر لەلای من لەهەمووو دەسەڵاتێکی دنیا بەرزترە



هونەرمەند (مەحمود محەمەد صالح) ناسراو بەدێرین، یەکێکە لەو مرۆڤانەی هەر لەمنداڵییەوە تا ئێستا خولیای وێنەکێشانی هەیەو وێنەی زۆرێك لەشاعیران‌و ڕوناکبیرانی کێشاوەو لەئەرشیفی خۆیدا بەو پەڕی دڵسۆزییەوە پاراستونی. ئەمە جگەلەوەی بەشێوەیەکی سەرنج ڕاکێش وێنەی سروشت دەنەخشێنێت. هەر بەو مەبەستەو بۆ زیاتر ئاشنابوون بەخۆی‌و کارەکانی کە لەژیانیدا هەڵیبژاردووەو ڕۆژانە بەعەشقەوە برەوی پێدەدات. بەپێویستمانزانی ئەم دیدارەی لەگەڵدا سازبکەین‌و بەخوێنەرانی بناسێنین. هونەرمەندی ناوبراویش دوای چەند پرسیارێك کەئاراستەمان کرد. بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.

پرسیار: مێژووی کاری هونەریت بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟

وەڵام/ وەك مرۆڤێکی ئاسایی لەساڵی (1979) بەهرەی وێنەکێشانم لەلا گەڵاڵەبوو، ئەوکات خوێندکاری سەرەتایی بووم‌و بەبێ ئەوەی کەسێك هەبێت بۆ هاوکاری کردنم، توانیم لەکردنەوەی (چالاکی خوێندنگەکان) سەرکەوتن بەدەست بهێنم‌و خەڵات بکرێم. بە بیرمە کاتێك خەڵاتەکەم وەرگرت، پاندانێکی (شیڤەر) بوو، کە ئەو زەمەنە شتێکی یەکجار نایابوو.

پرسیار: تا ئێستا چەند پێشانگەت کردۆتەوە؟

وەڵام/ تا ئێستا سێ پێشانگەم کردۆتەوە. یەکەمیان لەشارۆچکەی پێنجوێن بەناوی (کارەساتەکانی کورد)، دووەمیان لەشارەزوور کە بەشێك بوون لەبیرەوەریەکانی خۆم‌و سێیەمیشیان لەبەردەرکی سەرای شاری سلێمانی بوو کەنزیکەی حەفتا تابلۆی هێلکاری لەخۆگرتبوو. بەناونیشانی (هێلکاریەکان لەسەر شێوازی مرۆڤە جوانەکان)، هەروەها بەنیازم لە ئایندەیەکی نزیکدا چوارەمین پێشانگەی تایبەتی خۆم بکەمەوە.

پرسیار: ئایا هەست بەچی دەکەیت کاتێك ڕوخساری مرۆڤێك دەخەیتە سەر پەڕە سپییەکان؟

وەڵام/ کە ڕوخساری مرۆڤێك دەکێشم هەستدەکەم حەقێکی تەواوم پێیداوە، پێموایە پەیامی خۆشەویستی دەگەیەنمە ئەوکەسەی وێنەکەی دەکێشم، چونکە دەمەوێت لەڕێگەی وێنەکێشانەوە پەرە بەخۆشەویستی بدەم‌و جیهان پڕبکەم لەخۆشەویستی.

پرسیار: ئایا هیچ گلەیی‌و گازاندەیەکت هەیە- لەکێت هەیە؟

وەڵام/ بەڕاستی ئەگەر بێینە سەر گلەیی‌و گازاندە. ئەوە ڕاستەوخۆ گلەیی لە وەزارەتی (ڕۆشنبیری) دەکەم، هەروەها نەك من بەڵکو زۆرێکی تریش هەن گلەییان لە وەزارەتی ناوبراو هەیە، چونکە هیچی بۆ هونەرمەندان دەستەبەر نەکردووە، بەتایبەتی لەبواری وێنەکێشان.

پرسیار: دوا وتەت چییە؟

وەڵام/ زۆر سوپاسی ڕۆژنامەی (ڕۆژی گەل) دەکەم کەخەڵکانی وەکو من بەسەر دەکەنەوە، لەبەرئەوەی ئێوەش هەستاون بەو کارە ئەمەش خۆی لەخۆیدا خزمەتکردنە بەهونەرو هیچی لەهونەر کەمتر نییە، بەهیوام ڕۆژنامەکەتان ببێتە پێشەنگ بۆ هونەرمەندان.

سازدانی/ ڕۆژگار موحسین



بچووکبوونەوەی ئینسان هەوڵێکی تری (جەبار سابیر)ە بۆ قسەکردن لەسەر دەسەڵاتو کۆمەڵگەی کوردی‌و خستنەڕووی کەموکوڕی‌و هەڵەو پەڵەکانی. لەم کتێبەدا قسە لەسەر دەیان دیاردەی دزێوی کۆمەڵگەو سەدان کەموکوڕی حکومەتی کوردی کراوە، ئەو حکومەتەی نەوتو غازو بەنزین‌و کارەباو ئاو بۆ خەڵکەکەی دابین ناکات‌و گەر خەڵکیش ڕێپێوان یاخود ناڕەزایی دەربڕی وەك گێرە شێوێن‌و دەستی دەرەکی تاوانباری دەکات‌و بەدوژمنی ئەزموونە ساواکەمان ناوی دەبات. کەچی لەبواری کرداریدا دەرکەوتووە ئەوەندەی کارەبەدەستانی حکومەت دژی ئەزموونە ساواکەی خۆیان کاردەکەن هەرگیز خەڵك نیوئەوەندە بەو ئاراستەیەدا کارناکات، خەڵك لەهەرکوێ بێت‌و هەر کەسێك حوکمی بکات دەبێت لانیکەمی ژیانێکی ئینسانییانەی پێ ڕەوابببینرێت، گەرنا ئەوا نەحکومەتەکە بەحکومەتی خۆی دەزانێت، نەوڵاتەکەی. لەم کتێبەشدا ئەو قسانە کراون کەخەڵك لەپەناو پاسارو لەناو پاس‌و تەکسی‌و لەدانیشتنە خێزانییەکانیاندا دەیکەن‌و نوسەر تەنیا هێندەی لەسەرڕووە بیان گوێزێتەوە سەر پەڕەی کاغەزو دواتر بیکاتە کتێبێك.

# سیما ئەو هونەرمەندەی سیمای هونەری زیندوو کردەوە



سیما بینا سترانبێژی ناوداری ئێران لەشاری بیرجەندی پارێزگای خۆراسان هاتۆتە دنیاوە. لەتەمەنی 9 ساڵییەوە لەرادیۆی ئێران دەستی بە بەکار کردووە لەساڵی 1970 خوێندنی مۆزیکی لەکۆلیژی هونەرەجوانەکانی زانستگەی تاران تەواو کردووە. 8 ساڵ دواتر سەبارەت بە ئاوازو مۆزیکی هەرێمی خۆراسان دەستی بەلێکۆڵینەوە کردووە، بەم شێوەیە کۆمەڵێك ئاوازو گۆرانی دێرینی لەفەوتان ڕزگارکردووە. لەساڵی 1991 تیپێکی مۆزیکی تایبەت هاوکاری لەگەڵدا دەکەن، بەم شێوەیە توانویەتی ناودارترین خەڵاتی مۆزیکی فەرەنسا بەدەست بێنێ. ساڵی 1993 لە ڤیستیڤاڵی مۆزیکی نێودەوڵەتی بانگهێشت کراو چەندین بەرهەمی پێشکەش کرد، لەوێدا سەرنجی مۆزیکزانانی وڵاتانی دنیای بەلای خۆیدا ڕاکێشا.. گۆرانی (خۆشەهاێی گەندوم) یەکێکە لەو گۆرانیانەی کە جەماوەرێکی زۆری بۆ سیما بینا کۆکردۆتەوە. سیما بینا لەنێو هونەرمەندان‌و مۆزیکزاناندا بەوە ناسراوە کە گوڵێکەو لەقەد پاڵی کێوەکانی خۆراساندا بەرهەم هاتووە، پەڕەکانی ئەو گوڵە دەشتەکانی هونەری ڕازاندۆتەوە. سیما بینا یەکێکە لەو هونەرمەندانەی کە لەپێناو زارۆکانی بێ سەرپەرست‌و بنەماڵە هەژارەکاندا کۆنسێرت ساز دەکات‌و داهاتەکانیش هەر پێشکەش بە وان دەکات.

# سێو و گندۆرە هۆکاری پاراستنی دەنگن

پزیشکانی زانستگەی میشیگانی ئەمریکا لەدوایین لێکۆڵینەوەی خۆیاندا گەیشتنە ئەو ڕاستیەی کە میوەکانی وەك سێو، گندۆرە، هەرمێ، شوتی، هەڵوژەو ترێ باشترین هۆکارن بۆ پاراستن‌وپاك ڕاگرتنی دەنگ. دکتۆر نورمەن هۆگیکان لەو پێوەندیەدا دووپاتی کردەوە کە زۆربەی ئەوانەی لەپێشبڕکێکانی جوان ئەندامیدا بەشداری دەکەن حەزیان لەوەیە کە دەنگیشیان خۆش بێت، چونکە پێیانوایە خۆشدەنگی کەسایەتی‌و سۆزێکی گەورە بەمرۆڤ دەبەخشێت، بەڵام ناوبراو پێشنیار دەکات کە دوای قسەکردنی زۆر دەبێ ماوەیەك بێدەنگ دابنیشێت.



بەڕێوەبەری بنکەی تەندروستی دەنگ بۆ ئەم مەبەستە پێشنیار بە مامۆستایان‌و وتار بێژان دەکات کە دوای وانەکانیان ماوەیەك بێدەنگ دابنیشن، سێوێك یان لەتێ گندۆرە بخۆن، هەروەها تا بۆیان دەکرێت خۆیان لەجگەرەکێشان دووربخەنەوە. ئەوەی شیاوی باسە پێشتر دەرکەوتووە کە جگەرەکێشان‌و هاوارکردن‌و پەیڤین بەدەنگی بەرز هۆکاری سەرەتانی قوڕگن، بەڵام ئێستا بۆ کەمکردنەوەی ئەم مەترسیە پێویستە بەردەوام سێو، گندۆرە، هەرمێ بخۆین. بۆیە پێشنیار دەکەین تا بۆتان دەکرێ میوەکانی وەکو سێو، کاڵەك، شوتی، هەرمێ بخۆن.

## پشیلەیەکی دلۆڤان توتکە سەگێگ بەخێو دەکا

بە گوێرەی ماڵپەڕی سکای نیوز، پشیلەیەکی دلۆڤان دوای ئەوە دەبینێ کە سەگێکی دراوسێی ئامادەنابێ شیر بە بێچوەکەی خۆی بدات‌و جێی دەهێڵێ، پشیلەکە بەزەیی بە توتکە سەگەکە دێتەوەو دەیهێنێتە لای خۆی‌و لەگەڵ 3 بێچوەکەی خۆی شیری پێدەدات. ئەم توتکە سەگە ناوی پاپیەو لە 10 ڕۆژییەوە دایکی وازی لێهێناوە. خاوەنی پشیلەکە دەڵێ: من هیچ کات حەزم بەسەگ نایەت، بەڵام کاتێ بینیم پشیلەکەم بەزەیی بە پاپیدا هاتۆتەوەو هێناویەتیە لای خۆی‌و شیری پێدەدات من ستایشم کرد. خەڵکێکی زۆر بۆ بینینی ئەو دیمەنە ڕۆژانە سەردانی ماڵی خاوەن پشیلەکە دەکەن، وەك ئاژەڵێکی دلۆڤان باسی لێوەدەکەن.

## خاڵۆ ئەواکس دەڵێ

* ئەو برە بەنزینەی کە بۆ ڕۆژێکی بەنزینخانەیەکی قەزایێکی پارێزگای کەرکوك تەرخانکرابوو، لەلایەن خاوەنەکەیەوە لەکاتی وەرگرتنیدا فرۆشرایەوە، دەستبەجێ‌و بەبێ ماندووبوون 40 گەڵای سەوزی قازانج کرد.

* ئۆتۆمۆبیلێك کە تابلۆی کارەبای لەسەرە، لەدوای دەوامی ڕەسمی لەچەمچەماڵ بۆ خۆی بەکرێ کار دەکات‌و تەختەی داربەدەستان دەگوازێتەوە، زۆر ئازاو لێهاتووە، کاروانەکان کەم دەکاتەوەو دەبڵ باردەکات!!.

* بەبەرچاوی بەرپرسانی ناحیەی گوێڕ زێدەڕۆیی لەسەر زەوی شارەوانی دەکرێ. ئەوانەی زێدەڕۆیی دەکەن‌و لەسەر زەوی شارەوانیدا خانوو دروست دەکەن، زۆربەیان بەپشتی بەرپرسێکی لایەنێکەوە ئەو کارەدەکەن. بەڕێوەبەرەکانی ناحیەو شارەوانی‌و پۆلیس لەتوانایاندا نیە ڕێگریان لێبکەن، هەر بژی یاسا!!.

* ئەگەر بۆ بچووکترین کار ڕێت بکەوێتە فەرمانگەیەکی دەوڵەتی، دەبێ لایەنگری نیشتەجێبوونت لەلایەن موختاری گەڕەکەوە پێبێت، دواتر دەبێ سەردانی قایمقامیەت بکەیت، دوو سێ جارانیش ڕەوانەی بنکەکانی ئاسایشت دەکەن. ئەمە بۆیە دەڵێن ڕۆتین نەماوەو گەندەڵی بنبڕکراوە!!.

* لەم ڕۆژانەدا دەیان مۆنیکای جام ڕەشی بێ ژمارەم بینی کە بێباکانە لەشەقامەکانی شاردا دەسوڕانەوە. دۆستێکم گوتی: ڕۆژانە دەیان سەیارەی بێژمارە لەبازگەکانی نێوان شارەکاندا ڕاناوەستن، بەڵام لایەنی پەیوەندیدار ناتوانێ ڕایانبگرێت‌و داوای ساڵیانەیان لێبکات‌و هۆکاری نەبەستانی ژمارەیان لێبپرسێت، چونکە سووڕ دەزانن ئەو جام ڕەش‌و بێژمارانە هی بەرپرسن یان هی حیمایە یاخود هینی خزمی مەسئولن.

* ناوی پێشمەرگەیەکی دێرین لەنێولیستی پاڵێوراوانی ژووری بازرگانی دابوو، نازانم ئەو تێکۆشەرە چۆن بووە بە بازرگان‌و ئەو هەمووسەرمایە زۆرەی کۆکردۆتەوە!!.

* لەساڵیادی مەرگەساتی ئەنفالدا، کوڕی بنەماڵەیەکی ئەنفالکراو بەبەردەم باڵاخانەیەکی سەرنجڕاکێش‌و گەورەدا تێپەڕدەبێت کە کاکێکی مەسئول بەڕەنجی شان‌و ماندووبوونی خۆی دروستی کردووە!!، بەڵام پاسەوانانی باڵاخانەکە تەماشاکردنیشی پێڕەوا نابینن‌و بەتووندی تێی ڕادەخوڕن‌و پێیدەڵێن: بۆچی نازانی ئەمڕۆ ساڵیادی ئەنفالەو نابێ کەس لەماڵی بەرپرسەکان نزیك بێتەوە، خێراکە بڕۆ، ئەگەرنا خوا دەزانی لەکوێ خۆت دەبینیتەوە.


ROJI GEL

Weekly Newspaper Issued By: Rizgary Party Of Kurdistan-RPK

Mob:07701398499 07301191497

پێگەی ئینتەرنێتی
www.rojigel.tk
www.rpk93.org

پۆستی ئەلیکترۆنی
rojigel@hotmail.com
rpk93@hotmail.com